# هەڵسەنگاندێکی یاسایی کورت بۆ ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەی عێراق

پارێزەر گۆران عەلی محەمەد

( نوسینی هەر دەستورێك وەرچەرخانێکی زۆر گرنگە لەدۆخی هەر وەڵاتێکدا هەلێکە بۆ هاوڵاتیان تا پێناسەی بەها سەرەکیەکانیان بکەن و بەڵگەنامەی ڕابەر بۆ کۆمەڵگایەکی نوێ بنوسنەوە. هەرچەندەڕەشنوسکردنی هەر دەستورێك وەرزێکە بۆ گەیشتن بەڵام کردارێکی ئاڵۆزەو کارێکی ئاستەنگە. پێویستە دەستووربریتی بێت لەدەربڕینی نمونە بەرزەکانی وولات وەك بنەماکانی دادوەری و مافەکان وحوکمی یاسا بە شێوەیەك کە لەڕاستبینیەوە بنیات بنرێت و وا دابڕێژرێت کە شیاوی کار پێکردن و پراکتیزە کردن بێت.)

دیارە کەباس لەڕەشنوسی دەستوور دەکەین بەمەبەستمان دەستورێکی دیموکراتیە چونکە دیکتاتۆرەکان بە ماوەیەکی کەم دەیان دەستورت بۆ ئامادە دەکەن بێ ئەوەی بە قۆناغی ڕەشنوسیدا گوزەربەکت . بەڵام چ دەستورێك؟ دەستورێك کە سەرجەم ئازادیەکان زەوت بکات، دەستورێك پلەبەندی بۆ هاوڵاتیان دابنێت لەسەربنەمای نەتەوە یان زمان یان مەزهەب وەکو بینیمان.

دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠/کانوونی دووەم/٢٠٠٥ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی هەڵبژێردرا کە تارادەیەك دەتوانین بڵێین تەعبیری لەسەرجەم خەڵکی عێراق دەکات، یەکێك لەکارە هەرە گرنگەکانی ئەم ئەنجومەنە بریتی بوو لەنوسینی ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی پێك هێنا. هەر لێرەوە شەڕێك دروست بوو لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا ئەویش (شەڕی دەستووری هەمیشەی بوو) بێگومان ل ئەم پرسەش لیستی هاوپەیمانی کورد وەکو هێزێکی کارای گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە وە لانێکی بەهێزی ئەو هاوکێشەیە بوو.

دوای چەند گۆڕانکاریەك لەڕەشنووسی دەستوورەکە بۆ دواجار و دوای دۆزینەوەی کلێنەیەکی یاسای کاتی بەڕێوەبردن دەوڵەتی عێراقی بۆ درێژکردنەوەی ماوەی نوسین و ئامادە کردنی ڕەشنوسەکە لە(١٥/ئاب)ەوە بۆ (٢٢/ئاب)کە ئەمیش بەڕای من لەڕووی یاسای دەستوریەوە دروست نەبوو. ڕەشنوسەکە خرایە بەر دەستی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دوای ئەوەی سێ خاڵی گرنگ بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، ئەم ڕەشنوسە سەرجەم مافەکانی گەلی کوردی زامن نەکردووە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هیچی نەچەسپاوە. بۆیە من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەند خاڵێکی سلبی و ئیجابی ئەم ڕەشنوسە بخەمەڕوو:

أ - خالەسلبیەکانی نێو ڕەشنوسی دەستوورەکە:

١ـ نە چەسپاندنی مافی چارەی خۆنوسین/ هەروەکو لەماددەیەکی ڕەشنوسەکە هاتووە دەڵێت: ( کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، سیستەمی حکوم تیایدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی فیدراڵی دەبێت). ئەوەی لایەنەکانی گەلی کورد بەهێڵی سوریان ناو دەبرد و قابیلی سازش کردن نەبوو بریتی بوو لەفیدراڵیەتی ئارەزوومەندانە لەعێراقدا. بەو مانایەی ووشەی یان زاراوەی ئارەزوومەندانەی بۆ زیاد بکرایە، بەڵام دەکرێت وەکو کلێنێکی دەستووری بۆ ئەم لەدەست دانە دەتوانین سوود لەکۆتایی دیباجەکە وەرگرین کەدەڵێت (..پابەندبوون و وابەستە بوون بەم دەستوورەوە ئەو یەکگرتووەی عێراق دەپارێزێت بە گەل و نیشتمان و سەروەریەوە. ئەگەرتێگەیشتن پێچەوانەی (مفهوم المخالفە)ی ئەم دەقە وەرگرین دەتوانین بڵێین تا کۆتایی ٢٠٠٧ ماددەی (٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی جێبەجێ نەکرا دەتوانین ئێمەی کورد یەکگرتووی عێراق نە پارێزین و سەربەخۆبین چونکە جێبەجێ نەکردنی هەر مادەیەك لەو دەستوورە مانای پابەند نەبوونە بەو دەستوەرە.

٢ـ لەماددە(٣)دا هاتووە (عێراق وولاتێکی فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەبە) لێرە دەکرێت بڵێن دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ باشتربوو چونکە دەیگوت (عێراق لەدوو نەتەوەی سەرکی پێك هاتووە ئەویش عەرەب و کوردە) ئەمیش مانای وایە دوو گەلی سەرەکی هەیە و لەئەنجامدا دوو خاك هەیە، بەڵام ئەوەی لەماددە(٣)دا هاتووە مانای ئەوەیە چەند نەتەوەیەك بوونی هەیە لەسەر یەك خاك ئەویش خاکی عێراقە.

٣ـ دیاری نەکردنی سنووری کوردستان / دیاری کردنی سنووریهەرێمەکان جەوهەری دەوڵەتی فیدرالیە. چونکە هەر هەرێمێك تەنها دەسەڵاتی لەسنووری خۆیدا دەبێت و بەزندانی هەر سنورێکی تر دەبێت بەزیندانی دەستووری فیدرال، لەڕەشنوسەکە سنووری هەرێمی کوردستان وابەستەکراوە بە چارەسەرکردنی و جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) بۆیە بە دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو مادەیە بووە هۆی دیاری نەکردنی سنوری کوردستان، دیاری نەرکردنی سنور یەکێکی ترە لەخالەسلبیەکانی نێو دەستوورەکە ئەمە لەکاتێکدایە لەهیچ ولاٌمێکی فیدراڵی جیهاندا نیە وولاتێك سنووری بۆ هەرێمەکان دیاری کردبێت.

٤ـ هەرچەندە لەماددەی (٤٧) دا هاتووە (دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی لەئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی فیدراڵی پێك دێت) بەڵا، هیچ دەسەڵاتێکی ئەو کۆی بۆ ئەنجومەنی فیدراڵ دیاری نەکردووە بە بەراوورد لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران وە ئەو دەسەڵاتەی بە ئەنجومەنینوێنەران بە خشراوە زۆرە و لەسەر حسابی ئەنجومەنی فیدراڵیە، بە واتایەکی تر هەر هەرێمێك ڕێژەی نوێنەرانی لەئەنجومەنی نوێنەراندا کەم بوو ئەوە دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و بەزەیی ئەنجومەنی نوێنەران چونکە لەبنەڕەتدا ئەنجومەنی فیدراڵ بۆ پاراستنی هەرێمە بچووکەکان دروست کراوە.بەڵام لێرە ئەو ئامانجەی لەدەست داوە.

٥ـ لەبڕگەی سێ یەمی ماددەی (٤٨)دا باس لەڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان دەکات لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا ، هاتووەی دەڵێت : (..کە کەمتر نەبێت لەیەك لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی) دیارە ئەم ڕێژەیەش کەمە بەراورد بە ڕێژەو پێگەی ئافرەتان لەکۆمەڵگای عێراقدا. ئەم ڕێژە کەمەش بەپلەیەك دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوە ئافرەتیەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە کە نەیانتوانی بوونی خۆیان بسەلێنن لەئەنجومەنی نیشتمانیدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان داخوازی مافی ژنان بکەن لەو ئەنجومەنەدا ، ئاشکراشە تەنها ژنان دەتوانن تەعبیر لەخۆیان بکەن ئەمە سەرەڕای ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە ژنان ببنە پاشکۆی پیاوان لەئەو ئەنجومەنەدا هەر وەکو ڕێکخراوەکانیان بوونە پاشکۆی لایەنە سیاسیەکانی پیاوان.







٦ـ بە پێی ڕەشنوسی دەستوورەکە هەموو داهاتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دنرێتە حکومەتی ئیتمادی پاشان لەوێ وە دابەش دەکرێت بەسەر هەموو خەڵکی عێراقدا ئەمەش وادەکات حکومەتی هەرێمەکان لەڕووی ئابووریەوە ببسرێنەوە بە ناوەندە کە ئەمەش بێگومان جەوهەری فیدراڵی لەکەدار دەکات، باشتر وابوو هەر هەرێمێك داهاتەکەی بۆ خۆی بێت و تەنها ڕێژەیەك لەئەوداهاتە ڕاوەنەی حکومەتی ئیتیحادی بکات بەمەش حکومەتی هەرێمەکان سەربەخۆی دارایی مسۆگەر دەکەن و دوور دەبن لەدەستێوەردانی ئابووریانەی ناوەند.

٧ـ لەڕەشنووسەکەدا هاتووە کە هەرێمەکان نوسینگەیان دەبێت لەسەفارەتەکان بۆ چاودێری کردنی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، لێرە باسی چاودێری بازرگانی نەکردووە کە هەموان دەزانین بازرگانی چ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابوری هەر هەرێمێك .

٨ـ مەسەلەی دواخستن و جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسایی کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بەڕای من ناکرێت بە خاڵێکی سلبی ئەژمار بکرێت چونکە تا ئیستا یەکلای نە کراوەتەوە. هەروەها مەسەلەی کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکان مەسەلەیەکی ئەوەندە سانا نیە بەڵکو لەهەرە کێشە ئاڵۆزەکانی عێراقە . بەڵام دەکرێ وەکو خاڵێکی سلبی بژمێردرێ لەڕووی کاتەوە چونکە ئاشکرایە کات لەبەرژەوەندی کوردا نیی لەبەرئەوەی تا دێت حکومەتی عێراقی پێگەی خۆی بەهێز دەکات و لەبەڵێنەکانی پاشگەز دەبێتەوە.

لەکۆتایی باسکردن لەخالەسلبیەکان دەمەوێ باس لەوە بکەم کە پەرلەمانی کوردستان زۆر پەلەی کرد لەسەر ڕەزامەندی دان لەسەر ڕەشنووسەکە ئەویش بەرۆژێك دوای ٢٢/٨/٢٠٠٥کە هێشتا ڕەشنوسەکە تاوتوێ دەکرا لەئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا تاوەکو سێ ڕۆژ دوای پەرلەمانی کوردستان، پاشان لە٣٠/٨/٢٠٠٥ زلمای خەلیل زاد ئاماژەی بەوە دا کە گۆڕانکاری دەکرێت لەڕەشنوسەکە بۆ ڕازی کردنی سوونەی عەرەب.

ب ـ خالەئیجابیەکانی نێو ڕەشنوسەکە:

پەنجە ختنەسەر خالەسلبیەکانی نێو ڕەشنووسی دەستوورەکە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو ڕەشنوسە هیچ مافێکی گەلی کوردی زامن نەکردووە وە یان کەمترخەمێك لەنوێنەرانی کورد هەبووە لەبەغدا بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەی لەتوانای سەرکردە سیاسیەکانی کورد بوو کردیان و مایەی ڕێز لێگرتنە، هەروەها زۆرێك لەمافەکانی کوردیان چەسپاندووە کە ئێستا هەندێکیان دەخەمەڕوو بۆ ئەوەی تەنها باس لەخالەسلبیەکان نەکەین. بەڵێ ئەو ڕەشنوسە داواکاری تەواوی گەلی کوردی جێبەجێ نەکردووە چونکە ئەو ڕەشنوسە تەنها بە ئیرادەو ویستی کورد نە نوسراوە وە لەبەرئەوەی دەستوردەبێت ڕەچاوی هەموو داخوازییەکانیگەلی عێراق بکات بە هەموو چین و نەتەوەو نەیارە سیاسیەکان ، هەر بۆیە ئەوەی ئێمە بە هێڵی سووری ناوزەد دەکەین لای گروپەکانی تری عێراق قایل بە دانوستاندنە و دەبێت سازشی لەسەر بکرێت، کەواتە ئەم ڕەشنوسە گەر هەموو مافەکانی کوردی زامن نەکردبێ دەبێت بزانین ئەویش دەر ئەنجامی دانوستاندنە چونکە سروشتی دانوستاندن بریتی یە لە(دان+وەرگرتن)، هەر بۆیە من لێرە هەندێك لەخالەئیجابیەکانی ڕەشنوسەکە دەخەمەڕوو:

١ـ مەسەلەی فیدراڵی / ئاشکرایە لای هەموان فیدراڵی داخوازی کورد بوو هەڵبژارد وەکو سیستەمێك بۆ بەڕێوەبردنی وەڵاتێکی فیدراڵ. هەر بۆیە چەسپاندنی ئەم سیستەمە بۆ خۆی سەرکەوتنێکە بۆ کورد و لەهەمان کاتدا باشترین چارەسەرە بۆپرسی کورد لەعێراقدا چونکە خەون بەسەربەخۆی کوردستانەوە کۆمەڵێك تەگەرەوڕێگری لەپێش چی هەل و مەرجی هەرێمی بن یان نێو دەوڵەتی ، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە تا ئێستا هەندێك لایەنی ئەم فیدرالیە ڕوون نیە وەکو : ئایا عێراق چەند هەرێم دەبێت؟ وە هەروەها دیاری نەکردنی سنوریش بۆ خۆی کەمیەکە لەفیدرالیەکە.

٢ـ زمان / یەکێکی تر لەخالەئیجابیەکانی ڕەشنوسەکە ئەوەیە لەماددە (٤) دا هاتووە کە زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی بەزمانی فەرمی وولات دەژمێردرێت، دیارە زمانیش بەزیندوو ڕاگرتنی کلتوورو بوونی نەتەوەیەکەو بەرگری دەکات لەسڕینەوەی شوناسی ئەو نەتەوە، ڕەشنوسەکە کۆمەڵێك بواری دیاری کردووە کە دەبێت ڕەچاوی هاوبەشی هەردوو زمانی تیا بکرێت هەر وەکو لەماددە چواردەدا هاتووە، بەڵام ئەویش کلێنەیەکی دەستووری بچوك هەڵدەگرێت ئەویش ئەوەیە کە هاتووە (هەر بوارێکی دیکە بنەمای یەکسانی دەیگرێتەوە وەکو دراوی کاغەز و پەساپۆرتی سەفەر..). لێرە پرسیار ئەوەیە ئایا تەنها دراو بەکاغەز هەیە یان بە ئاسنیش هەیە؟ بە پێی ئەم بڕگەیە دەکرێت لەسەر پارەی ئاسن بە کوردی نە نوسرێ. بەرهەحاڵ چەسپاندنی زمانی کوردی وەکو زمانی فەرمی وولات لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بۆخۆی سەرکەوتنێکی ترە بۆ کورد.

٣ـ ڕەشنوسی دەستوورەکە دەزگای سیخوڕی نیشتمانی عێراقی خستۆتە ژێر چاودێری دەسەڵاتی یاسادانانەوەو، تەنها لەژێر دەسەڵات و چاودێری یەك لایەندانییە، دیارە ئەمەش لەبەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی چونکە هەموو ئەندامانیدەسەڵاتی یاسادانان دەزانن ئەو دەزگایە کارو ئەرکی چی دەبێت ، ئەمەش ئەگەری کۆنتڕۆڵ کردنی ئەم دەزگایە ناهێڵێ لەلایەن یەك لایەنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەم دەزگایە لەژێر دەسەڵاتی مەدەنی دەبێت نەك عەسکەری .

٤ـ بەشداریکردنی حکومەتی هەرێمەکان لەگەڵ حکومەتی ئیتمادی بۆ وێنا (رسم) کردنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ پێشخستن و برەو پێدانی داهاتی وولات و دابەشکردنی بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوانی لەعێراقدا . ئەم بەشداری کردنە وا دەکات کە حکومەتی ئیتیحادی بەتەنها نەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات بەڵکو پێویستی بە حکومەتی هەرێمەکان هەیە دیارە لەوانەش حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ڕۆڵێکی بەهێزی دەبێت.

٥ـ هێشتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو پارێزەری هەرێم یەکێکی ترە لەخالەهەرە ئیجابیەکانی ئەم ڕەشنوسە ئەویش لەچەند ڕوویەکەوە لەوانە وەکو ڕێزگرتنێك لەخەباتی نەپساوەی ئەم هێزە کوردی یە وە هەروەها گەلی کورد دوور دەبێت لەهەر هێزێکی غەیرە کورد و کوردستاندا . دیارە ئەم مەسەلەیەش جێگەی مشت و مڕی زۆر بوو لەگەڵ هێزەکانی نێو گۆڕەپانی عێراقی تا دواجار لەبەرژەوەندی گەلی کوردا شکایەوە.

٦ـ سوپای عێراقی فیدراڵ ناتوانێ سنوری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و بێتەنێو هەرێمی کوردستانەوە مەگەر لەدوو حاڵەتدا نەبێت ئەویش بریتی یە لە: یەکەم لەسەر داوای پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو سوپایە بێنا کوردستانەوە . دووەم : ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو سوپایە داوای کرد بێتە کوردستان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جارێکی تر کورد دوور دەبێت لەشاڵاوی ئەنفال وهەڵەبجە و خاپوورکردن.. هتد.

قسەکردن لەسەر دەستوور زۆر ی دەوێت ئەوەی باسم کرد تەنها چەند خاڵێکی سلبی و ئیجابی بوو کە ڕەشنووسەکە لەخۆی گرتبوو. بەڵام ئەوەی گرنگە لێرە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە (دەقی دەستوور ناتوانی بەتەنها زامنی بوونی دیموکراسیەتی گەشەسەندوو بکات ، گرنگ نیە چۆن بەشێوەیەکی ژیرانە و کارامە داڕێژرابێت ، دەستوور تەنها بریتی دەبێت لەچەند ووشەیەکی بەتاڵی کۆکراوە ئەگەر ڕێژەی لێ نەگیرێ و نەسەپێندرێت. سەرئەنجام سەرکەوتنی دەستوور پشت دەبەستێت بە ڕێژەی بە کارهێنان و پراکتیزە کردن دوای بەگڕ خستنن) خۆ ئەگەر دەستور تەنها بریتی بێت لەووشەو زاراوەی دەستوری ئەوە سەرجەم دەستورەکانی عێراق هەر لەساڵی ١٩٢٥ تا دەگاتە دەستوری ساڵی ١٩٧٠ خراپ نەبوون بەڵکو کێشە لەپراکتیزەکردنی ئەو دەستورانەدا بوو.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەوەی ئەم دەستوورە لەدەستوورەکانی تر جودا دەکاتەوە ئەوەیە ئەم دەستوورە هەمیشەیە وە ئەگەر چەسپا ئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی یاسای بەسەر نەوەکانی داهاتووی کوردەوە بۆیە دەبێت زۆر بە هۆشیاری یەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان ورۆشنبیرەکان بریتییە لەتێگەیاندنی خەڵکی بەماهیەتی ئەم ڕەشنوسە و ناساندیان بە ئەرك و مافەکانیان . چونکە خەڵکی کوردستان وەکو مێژووسەلماندویەتی ئەوەیلایەنە سیاسیەکان بەڕاستیان دانا ئەوە ڕاستە . وە ئەگەر نا ئەوە هەڵەیە . هەر بۆ یە ئەرکی لایەنە سیاسیەکان لێرە بەڕاست دەردەکەوێ.

دەمەوێ لەکۆتاییدا ئەوە ڕوون بکەمەوە سەرەڕای ئەو خالەسلبیانەی کە ئاماژەم پێدا من بەباشی دەزانم خەڵکی بە (بەڵێ) دەنگ بدەن لەسەر ئەو ڕەشنوسە بۆئەوەی خالەئیجابیەکان بچەسپێت، چونکە ئەوەی لەدەستمان داوە تاوانی کەس نیە جگە لەوەی سروشتی دانوستاندن وا دەخوازێت بۆ ئەوەی خاڵ بە دەست بێنی دەبێت سازش لەسەر کۆمەڵێ خاڵی تر بکەیت .

# خەڵك و کۆمەڵگەی حیزبی

شەماڵ ئەحمەد شێخ لەنگەری

خەڵك چین وتوێژو پێکهاتەی جیاوازن لەڕووی نەتەوەو ئایین و کلتورو هزر ورەگەز و سروشتی پەروەردەییانەوە، خەڵك دامەزرێنەری بونیادنانی بواری شارستانیەت و مەدەنیەتەکانی کۆمەڵگەیە، خاوەن بڕیار و حەقیقەتی چارەنووسی داهاتووی دەوڵەت، بێ خەڵك فاکتەر و خالەسەرکیەکانی یەکگرتووی نەتەوایەتی دروست نابێ نەزمان و نە ئایین و نەکلتور و نە نەتەوەو نە ڕەگەز بوونی نابێت ، خەڵك سەرچاوەی هەموانە، سەرچاوەی دروست بوونی دەسەلاتی سیاسیە، سەرچاوەی هەموو بڕیارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دەوڵەتە.

بە درێژای مێژوو خەڵك وەکو پێویست نەیتوانیوە ئامانج و هیواو ئاواتەکانی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا دژایەتی خەڵك ناکات بەڵکو دژایەتی یەکگرتووی و هاریکاری خەڵك دکات، دەسەلات دژی ئەو خەڵکانە یە کە هۆشیاری و یەکگرتوو و ڕەخنەگرن گەر لەبەریەکی جیاوازدا، من ، پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەلات لەکۆمەڵگایەکی حیزبیدا وەك کۆمەڵگەی کوردستان پەیوەندیەکی زۆر کاڵ و کرچ هیچ گرێ بە ستێکی کۆمەڵایەتی نیە لەنێوان خەڵك و حیزبەکان دا، ئەکرێ لەمەودوا هەولبدەین خەڵك بە شێوازێکی نوێ تر و مۆدێرن تر ، بڕوانێتە حیزب و کاری سیاسی واتا ڕوانینێك کە دووربێت لەبەرژەوەند پەرستی و ڕەگەز پەرستی و دووربێت لەبێدەنگی لەبەرامبەر کارە گەندەڵیەکان دا، لەکۆمەڵگەی حیزبدا هەموو شتێك بە پێی بەرژەوەندی حیزب تەماشادەکرێ ، هەموو شتێك جیاکراوەتەوە ، جیاکردنەوەیەك کە هەموو خەڵك و تاك و گەنج و مرۆڤی لەیەك دوورخستووەتەوە ڕاستەکە پێشکەوتن دەکرێ لەڕێگەی چالاکی و جموجولی حیزبەوە ڕوودات بەڵام هەموو حیزبەکانی ئێمە لەبری ئەوەی ململانێ و کێ برکێ بکەن لەسەر پێشکەوتن و بە مەدەنیەت بە پێچەوانەوە دژایەتی یەك دەکەن وە دژی بوون و دەسەلاتی یەکترین ئەمەش نەك لەبەرئەوەی وەکو یەك ین لەئایدۆلۆژیاو هەلوێست و سروشتی دا بەڵکو لەبەرئەوەی وەکو یەکن بۆیە ڕقیان لەیەکە.

ئابوری و سەروەت و سامانی خەڵکیش بووەتە تەراتێنی دەستی حیزبەکان، لەکۆمەڵگای کوردیدا ئابوری دەوڵەت کەوتوتە دەستی ئابووری حیزب ئەمەش نوکتەیەکی گەورەی دیموکراسی و ئازادییە ، لەئەنجامی دابەش بوونی ئابوری دەوڵەت بە سەر حیزب و گروپی سیاسیدا خەڵکێکی سادەی زۆر زەرەرمەندبوون، چونکە ئەم خەڵکانە سیاسەت و هەڵوێست و دەنگی حیزبیان پێ قیوڵ نیە، کەواتە ئەوەی لەگەڵ حیزبدا نەبێت لەسەروەت و داهاتی دەوڵەت بێبەش کراوە یاخود مافی مرۆڤ بوونی لێ سەندراوەتەوە،دابەش بوونی خەڵکیش لەنێوان حیزبەکان دا گورزێکی گەورەی وەشاندووە لەداهاتووە و چارەنووسی گەلی کورد، من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر تاکێك ی حیزبی سەر بە بیروباوەڕێکی جیاوازە بەڵام بە هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوەدانیم کەخەڵك هیچ کات لەپێناو دژایەتی کردنی گەندەڵی ئیدارەی و بەرپەرچدانەوەی خراپەکاریەکانی ناو کۆمەڵگا ناکۆك و یەکگرتوونەبن ، دەبینین لەناوخەڵکدا خۆپیشاندان یاخود ڕێپێوانێك ئەنجام دەدرێ تەنها نوختەیەك کەسن دەنا ئەو دوای خەڵك هەموویان لەپەنای دیوارەکانی و ماڵانەوە تەماشا دەکەن و بەشداری ناکەن، ئەم دیاردەیە بۆ چی ؟! لەبەرئەوەی ئێمە بەرژەوەندی حیزبمان دەوێ و داهاتوو و چارەنوسی دەوڵەتمان ناوێت لەبەرئەوەی هیچ کام لەئێمە هۆشیاری نەتەوەی و سیاسیمان نیە بەڵکو هەموومان مووچە خۆری ژێر دەستی حیزبێك و گروپێکین و کۆیلەکراوی دەستی بڕیاری حیزبین، جموجوڵ و بیرکردنەوەو هەڵسووکەوت و قسە کردن و عەقڵیەتمان لەناو چوارچێوەی حیزبدا مونۆپۆل کراوە، هەموومان گیرۆدەی دەستی حیزبین.

پەرتەوازەبوونی حیزب و ناکۆکی نێوانیان بە درێژای (١٥) ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆدا ئەو شەڕەی کە تەنها خەڵك و هاوڵاتیە سادەکان دەبنە قوربانی دەستی شەڕەکان، شەڕی ناوخۆ گورزێکی بێ هاوتای لەچارەنووسی میللەتەکەمان وەشاند، نەتەوەی کورد هی حیزبەکان نیە کە دەبینین هەرجارە و حیزبێك دەڵێت (( گەلی کورد قوربانی داوە، دەبێ مافەکانی بچەسپێنی)) ئەم قسەیەدەبێ خەڵك بیڵێ و نابێ هەر حیزبێك پەلی کورد ڕابکێشێ لەژێر ناوی پاراستنی خەڵکی کورد هەموو ئابوری وولات و بەرژەوەندیەکان بۆ خۆی قۆرخ بکات، کورد کوردی خەڵکە، کوردی حیزب و حیزبایەتی نیە بۆیە دەبینین زۆربەی خەڵك لەکاتی دەنگدانی ئەمساڵدا زۆر بە ڕاشکاوی دەیانگوت (( ئێمە دەنگ بە چارەنووسی کورد دەدەین نەك بە حیزب)) لێرەوە حیزبی کوردی گرنگیەتی خۆی لەدەست دەدات چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە کە بە بێ جیاوازی ڕەگەز و بیروئایین خزمەتی خەڵك و گەل بکات.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com